

## عەبدولخالق عەلائەددین:
## ئارەزووی تایبەتم بۆ نووسین و ئەدەبیات هاندەرەکەی سیاسەت نەبوو.. خۆشم بە قەرزاری شاری کۆیە دەزانم

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ - ٢)**

عەبدولخالق عەلائەددین کە لە دایک بووی ساڵی ١٩٣٢ی شاری کۆیەیە و تەمەنی هەشتا ساڵی ڕەت کردووە، کەچی هێشتا بەڕووی ژیاندا پێدەکەنێ و جموجووڵی هەیە و باسی تەواوکردنی پرۆژەکانی خۆی دەکات. ئەو یەکێکە لە نووسەرە ناسراوەکانی ئەو شارە و نزیکەی (٦٠) ساڵ دەبێ بە نووسینی کوردییەوە سەرقاڵە. بەپێی دەرفەت و بەهرە و توانایی خۆی هەوڵی خزمەتکردنی نووسین و زمانی کوردی داوە. لەوانەیە هەبێ بڵێ لە پاش ئەو هەموو ساڵانەی نووسین و خوێندنەوە و خەریک بوونە تا ئێستا بە زەقی جێ دەستی بەسەر بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە دیار نییە و ئامادەبوونێکی بەردەوامی لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا نەبووە، بەڵام پێم وایە ئەوەی لە دەستی هاتووە و پێی کراوە کردوویەتی و لە دووتوێی چەند کتێب و وەرگێڕان و وتارێکدا کە لەبەر دەستماندان پێشکەشی کردووین، لەگەڵ ئەوەش زۆر لە ڕووناکی و ڕاگەیاندنەکان دوور بووە.

لەوانەیە هۆیەک لە هۆکارەکانی ئەو ئامادەنەبوون و کەمیی بەرهەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە سەقامگیریی لە ژیانیدا کەم بووبێ و زۆر بەم لاو ئەولا چووە، بەڵام ئەو کەسێکە لە مێژووی نووسینی کوردی و ئەرشیڤی ئەدەبیاتی کوردیدا ناکرێ نادیدە بگیرێ و ئاوڕی لێ نەدرێتەوە، ئەوە وێڕای خزمەتەکانی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا کە بە درێژایی تەمەنی مامۆستایەتی خۆی پێشکەشی نەوەکانی کردووە.

ئێمە توانیمان لە چەند دانیشتنێکدا بیدوێنین و لە گفتوگۆیەکی کراوەی بەرفراواندا وێستگەکانی تەمەن و قۆناغەکانی ژیان و نووسینی ئەم نووسەرە بەسەر بکەینەوە و بۆ یەکەم جار لەو هەڤپەیڤینەدا زیاتر بە خوێنەرانی ئاشنا بکەین.. ئیتر ئەوە ئێوە و ئەوەش دیالۆگەکەمان و ئەوەش دنیای ئەم نووسەرە.

**ڕامان:** تا ئێستا زۆرتر قسەکانمان سیاسیی بوون، با بچینەوە سەر دنیای ئەدەب، ئەوە وێستگەی سیاسەت و بەندکردنەکەتمان زانی، دامەزراندن و گوێزانەوەکانتمان زانی، ئێستا دەمانەوێ بزانین تۆ لە کۆیە لەگەڵ ئەدیبەکان و شاعیرەکان لەگەڵ کێ تێکەڵ بوویت و کێت دەناسی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەدیبەکانی هاوڕێم بوون ناسراو نەبوون، ئەکرەمێک هەبوو لە چایخانە پێکەوە دادەنیشتین، حوسێن قادر بوو.

**ڕامان:** تۆ ناوەکان بە تەواوی بڵێ، خوێنەر چووزانێ ئەکرەم کێیە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەوانەی سیاسیی بوون باسمان کردن، من و کەریم شارەزا لە یەکێتیی نووسەران بووین.

**ڕامان:** ئەوسا یەکێتیی نووسەرانی کورد نەبوو، یەکێتیی نووسەرانی عیراق بوو.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، یەکێتیی نووسەرانی کورد هێشتا دانەمەزرابوو، ئەوکاتە بەناوی نووسەرانەوە برووسکەمان بۆ عەبدولکەریم قاسم دەنارد.

**ڕامان:** ئەوەی هەبوو یەکێتیی نووسەرانی عیراق بوو.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** هێشتا تەنزیمی نەبووین بڵێین بە ڕەسمی دانیشین و...تاد

**ڕامان:** ئێستا ئێمە باسی ئەدەب دەکەین، تەنزیمی چی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەو وەختی کۆنگرە نەبەسترابوو، یەکێتیی نووسەران دانەمەزرا بوو، بەڵام هەر بۆ خۆمان سەربەخۆ کارمان دەکرد.

**ڕامان:** بەناوی خۆتانەوە وەک نووسەر کارتان دەکرد.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ..

**ڕامان:** لەو حاڵەتەدا ناکرێ پێی بڵێین یەکێتیی نووسەران.. باشە ئەو نووسەرانەی برووسکەکەتان لێ دا کێ و کێ بوون؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەوانەی برووسکەمان لێ دا بریتی بوون لە بیلال بەهائەددین و تاهیر مەعرووف و کەریم شارەزا و عەبدولڕەحمان بیمار و ئەکرەم عەبدولقادر بووین.

**ڕامان:** کەواتە دەبێ بڵێی بەناوی خۆمانەوە وەک چەند نووسەرێک برووسکەمان بۆ عەبدولکەریم قاسم لێداوە.



ئازاد عەبدولواحید - عەبدولخالق عەلائەددین

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ بەناوی خۆمانەوە بوو.. ئەفسەرێکی تەجنید کە عەرەب بوو، لەکۆیە بوو، لە موناسەباتەکاندا دەهات خوتبەی دەدا، ئێمەش برووسکەمان لێ دەدا، چاوەڕێی عەبدولکەریم قاسم بووین وەڵاممان بداتەوە، ئەوەبوو لە جیاتی پاداشت کردنمان بۆ خوارووی عیراق گوێزراینەوە.

**ڕامان:** بێجگە لە کەریم شارەزا، ئەو نووسەرانەی ناسیتن کێی دیکە بوون؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کۆیە شارێکە هەموو خێزانەکان یەکترمان دەناسی و ناسیاویمان لەگەڵ یەکدی هەبوو، برادەرەکانم ژمارەیان کەم بوو، هەموومان یەکترمان دەناسی، ئەحمەد دڵزار کتێبخانەی هەبوو، ئەوانەی ئاشنایەتی و دۆستایەتیمان لەگەڵیان زۆر بوو و بەردەوام پێوەندیم پێیانەوە هەبوو ئەحمەد دڵزار و کەریم شارەزا و عەونی حەبیب و تایەر ئەحمەد حەوێزی و مەسعوود محەمەد و ڕۆستەم حەوێزی و ئەنوەر بەرزنجی کە کتێبخانەی کۆیسنجاقی هەبوو، سەید ئیبراهیم (برژاو) و عوسمانی مام یەحیا و عەبدولڕەزاق بیمار و مەجید ئاسنگەر و سامی عەوداڵ و چەند شاعیرێکی ئەوسای کۆیە بوون کە پێوەندی دۆستایەتیم لەگەڵیان هەبوو.

**ڕامان:** تۆ لە نزیکەوە مەلای گەورەی کۆیەت دیتبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** من قسەم لەگەڵ مەلای گەورە نەکردووە، بەڵام دێتە بیرم منداڵ بووم، جارێک هات ئەحواڵی باپیرمی پرسی، مەسعوودی کوڕیشی لەبەر ئەوەی دۆستایەتی لەگەڵ باپیرم هەبوو، ئەویش دەهاتە ماڵێ، بۆیە مەلای گەورەم دیوە ئەوکاتەی هاتووەتە

ئەویّ. لە منداڵیدا کە لەگەڵ منداڵان پێکەوە یاریمان دەکرد، ناوەندییەکی کۆن لە خوار نەخۆشخانە هەبوو، ئێمە لەویّ یاری کەلایانیّ (هەڵماتێن) و تۆپانێمان دەکرد، لەپڕ دەمانوت کورینە مەلای گەورە هات، هەموو ڕادەوەستاین و وازمان لە تۆپانیّ دەهێنا. بەناوماندا تێدەپەڕی، ئێمەش هەموو سەلاممان لیّ دەکرد، ئەویش سەلامی دەکرد و بۆمان پێدەکەنی، بەڵام بڵێم ئەو شوناسەم لەگەڵ مەلای گەورە هەبووە، یان کیّ بووە و چۆن بوو، ئەوە نەبووە.

**ڕامان:** ئەی چی وای لێت کرد یەکەم بەرهەمی چاپکراوت لەسەر ئەو بیّ و بەناوی (بەسەرهات و ژیانی مەلا محەمەدی کۆیە) لە ساڵی ١٩٧٤ چاپ بکەیت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کە لە هەولێر یەکێتیی نووسەران دامەزرا، ڕێککەوتننامەی ئاداری بەسەردا هات، وتیان پێویستە کۆڕێکی ئەدەبی لە بارەی مەلای گەورەوە بۆ دوو کەس بگیریّ، ئەوە بوو لەناو هۆڵی گەل کۆڕەکەمان گرت، هەروەها چووینە تەلەڤزیۆنی کەرکووک و مووسڵ بۆ هەمان مەبەست، لە مووسڵ لەگەڵ کەریم شارەزا و لە کەرکووک لەگەڵ مدحەت بێخەو و کەریم شارەزا قسەمان لە بارەیەوە کرد.

**ڕامان:** کۆڕەکەتان لە هۆڵی گەل لە بارەی مەلا محەمەدی کۆیەوە گرت؟ لەگەڵ کیّ ئەو کۆڕەتان گرت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لەگەڵ کەریم شارەزا پێکەوە ئەو کۆڕەمان گرت، لەو جێگایەی ئێستا یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانی لێیە، لەویّ کۆڕەکەمان گێڕا، من هەندێک ژیانی ئەوم هەبوو، هەندێکیشم لەم و لەو وەرگرتبوو، پێشتریش شیعری ئەوم لەبەرکردبوو، تەنانەت مەسعوود محەمەد زۆر لایەنی بۆ باس کردووم، هەموو ئەوانەم لە مێشکیدا بوو، هەندیّ ژیانی مەلای گەورەم لەو پرسی، بەمە کۆڕێکم پێکهێنا و دەتوانم بڵێم کۆڕەکە سەرکەوتوو بوو. دوای ئەو کۆڕە بڕیارم دا زیاتر لە بارەی مەلای گەورەوە بنووسم و لە کتێبێکدا بەچاپی بگەیەنم، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵم دا زۆرترین زانیاری بەدەست بهێنم، بۆیە سەردانی نەجیبەخانی کچی مەلای گەورەم کرد، ئەویش زانیاری زۆری پیّ بوو کە پێشتر بڵاونەکرابووەوە، هەروەها مەسعوود محەمەدیش بە هەمان شێوە زانیاری زۆری لە بارەی باوکییەوە دامیّ، ئیتر هەموو زانیارییەکانم کۆکردەوە و لەگەڵ وێنەکان کردم بە کتێبێک. لە هەولێر دوای کۆڕەکەم مومتاز حەیدەری هاتە لام و وتی گوایە دەیەویّ کتێبێک سەبارەت بە مەلای گەورە دابنیّ، پێم وت ئینجا کە تۆ کتێبی لە بارەوە دادەنێی، ئەوەی خۆم بۆ بدەم بە تۆ و بۆ بەخۆم چاپی نەکەم؟ پاشان کتێبەکەی خۆم دایە محەمەد تۆفیق وردی کە شارەزاییەکی باشی لە بارەی چاپخانەکانی (نەجەف)ەوە هەبوو تا بۆمی چاپ بکا، چونکە کتێبەکانی خۆی لەویّ چاپ دەکرد، کتێبەکەی منیشی بەگەڵ کتێبەکانی خۆی خست، پارەم بۆ دەنارد، دەچوو کتێبەکانی خۆی پیّ چاپ دەکرد، هی منیش دوا کەوت، تا گەیشتە ئەوەی بارودۆخی عیراق تێکچوو و شەڕی نێوان کورد و حکوومەت هەڵگیرسایەوە، کە شەڕ دەستی پێکرد، شیعرێکی مەلای گەورە هەیە بەناوی (شیوەن بۆ بارزان) چووبوو ئەوەشی بڵاو کردبووەوە، بەمەش زۆر ئیحراج بووم، وتیان ئەو شیعرەیان بکردایە بە عەرەبی ئەودەم هەڵیاندەواسیت.

**قەت لە ژیانمدا ژنی بە هەیبەت و خاوەن کەسایەتی و سەنگینی وەک نەجیبە خانی کچی مەلای گەورەم نەدیوە.**

**ڕامان:** ئەوە شیعری مەلا محەمەدی کۆیە بوو، بەڵام دواجار چۆن ئەوەت چارەسەر کرد؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کە چاوم بەوە کەوت ئەوەشی تێدا بڵاو کرابووەوە، وێنەیەکی گەورەی منیشی لە سەرەتای کتێبەکە دانابوو، خەڵک وایان دەزانی وێنەی مەلای گەورەیە، کاتی بڵاوبوونەوەکەشی دوا خست، تا گەیشتە ئەوەی زۆر ئیحراج بووم، عەبدولڕەزاق بیمار لە دەزگای ڕۆشنبیری بوو، پێم وت دەمەویّ کتێبەکە بڵاوبێتەوە و پێنج سەد دانەیە، وتی ئەگەر بیدەیتە د. ئیحسان فوئاد باشە، کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری گشتی بوو، کە بردمە لای وتی دەبیّ تەماشای بکەن، ئینجا ڕێی دەدەن.. منیش (شیوەن بۆ بارزان)م کردە (شیوەن بۆ یاران) (ز)یەکەم لابرد و (ب)ەکەم کردە (یاء)، ئیتر ئیمزایان کرد و ژمارەیەکی زۆری کتێبەکە، وابزانم هەمووی فرۆشرا، کە جارێکی دی چاوم بە مەسعوود محەمەد کەوتەوە تێگەیشتم باوکی گەلێک لەوە دەوڵەمەندترە کە لەنامیلکەیەکدا بڵاو بکرێتەوە، بۆیە بە پاڵپشتی زانیاری نوێی ئەو و بینینی مەجید نوورەددین جەلی زادە

و نەجیبەخانی کچیشی کە لە ماڵی ئەوان بینیم و دیدار و چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردن، زانیارییەکی زۆرم دەست کەوت. ئەو زانیاریانە کە کاتی خۆی بڵاونەکرابوونەوە، ئەم جارەیان بە شیعر و بە هەڵوێستەکانیشییەوە لەبارەیەوە نووسیم، تەنانەت نەجیبەخانی کچی کە قەت لە ژیانمدا ژنی وا بەهەیبەت و خاوەن کەسایەتی و سەنگینم نەدیوە، لەو دیدارەدا کە ئەو قسەیە نەکراوە، بێ گومان نەشینووسیوە، وتی ڕۆژێکیان نیوەڕۆ بوو، باوکم لە هۆدەی سەرێ بوو، وتم بابە بابە وەڵامی نەبوو، وتم بابە بابە، وتی چیت دەوێ کچم؟ وتم ئەوە بانگی دا نەبادا ئاگات لێ نەبێ، نوێژ بکە، وتی کچی خۆم دەزانم، بەڵام شیعرێکی کوردیم بە دەستەوەیە گەلێک گرنگترە لەوەی نوێژەکەم دوا بکەوێ، ئینجا پێی وتم من سوننەتان نازانم، باوکم پێی وتووە سوننەتان مەکە، ڕۆژووەکەی خۆت بگرە و نوێژی خۆت بکە، سوننەت مەکە. بیروباوەڕی ئەو وا بوو، پاشان شیعرەکانی و چی کردووە بە وردی مەسعوود محەمەد بۆی باس کردم.

**ڕامان:** ئەوەت کردە کتێبی دووەم بەناوی (مەلای گەورە، زانا و ئەدیب و شاعیر) کە ئەوەیان جیاوازییەکەی لەگەڵ کتێبەکەی پێشوو ئەوەیە کۆمەڵێک زانیاری نوێی مەیدانیی تێدایە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، زانیاری مەیدانیی تێروتەسەلی تێدایە، کە هیچم نەهێشتووەتەوە بەسەری نەکەمەوە، تەنانەت وتارێکی ئەوی بەزمانی عەرەبیش تێدایە بەناوی (كل ما في الكون وهم وخيال)، ئەوەشم هەر بە عەرەبییەکە خستووەتە ناو کتێبەکەوە.

**ڕامان:** ئەی بۆچی مەسعوود محەمەد بەو کتێبەتاندا نەچووەتەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ بەخۆی پێیدا چووەوە، تەنانەت هەر بە خۆی زۆربەی زانیارییەکان و حەقیقەت و هەڵوێستەکانی خوێندەوە، کە ڕاستەوخۆ بەخۆی بۆی باس کردووم، من بەبێ دەستکاری و ئیزافاتی خۆم نووسیومە کە چۆن ساڵی ١٩٢٢ تورکخواز و عەشایەر، پشدەر و کۆیەیان لە چنگی ئینگلیزەکان دەرهێنا و هەر ئەو کاتە ئەنجوومەنی کاتیی بەڕێوەبەرایەتی شاری کۆیە دروست بوو بۆ سەروکاری شارەکە کە لە چەند کەسێکی بنەماڵەی حەوێزی و غەفوورییەکان پێکهاتبوو، هەر ئەو کاتەش مەلای گەورەیان کردبووە سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە، بێجگە لەوە لە خوتبەکانیدا چی وتووە



**کۆیە - هەرمۆتە، ٢/ ٥/ ١٩٥٢**

نووسیومە، دوایی وەختی خۆی چۆن یاداشتێکیان داوە بە کاپتن (های)، جەمیل ئاغای حەوێزی داوای دەوڵەتی کوردی کردووە و چۆن میستەر (های) لەوێ پێشوازی لێ کراوە. بێ گومان مەلای گەورە بە چاوی یەکسانی بەرانبەر ئایینەکان ڕوانیویەتی و ئەو دەورەی بینیوە، بۆیە مەسیحییەکانیش دەچوونە خوتبەکانی، لە ڕەمەزانانیشدا بەبیروڕای نوێ و ڕێنمایی جوان، لە مزگەوت و دیوەخانەکەی، خەڵکی شارەکەی دەدواند. دوو دەوڵەمەند لە کۆیە هەبوون کە بەناوبانگ بوون ناویان حاجی جەلال و حاجی مەجید بوو کە برابوون، ئەو حاجی مەجیدە کوڕێکی هەبوو ناوی کەمال بوو لەگەڵ عەلی عەبدوڵڵا لە بواری سیاسەت دەوری هەبوو، دەڵێن جارێکیان حاجی مەجید دەچێتە دیوەخانی مەلای گەورە، مەسیحییەکانیش لە جەژناندا دەچوونە دیوەخانی مەلای گەورەوە، حاجی مەجید دەکەوێتە تەنیشت مەسیحییەک، یەکسەر جێی خۆی دەگوازرێتەوە و لەلای مەسیحییەکەوە دەڕواتە ئەو لاوە، کە دەڕوا مەلای گەورە دەڵێ وەرە حاجی، ئەوە بۆچی لەوێ ڕۆیشتی، ئەوە چونکە ئەو پیاوە مەسحییە، جێگەی خۆت گواستەوە؟ ئەی بۆچی دەچیتە لای حاکمی سیاسیی ئینگلیز و لێی دەپاڕێیتەوە و لەبەر دەرگاکەی ڕادەوەستی؟ ئەوە یەکێک لە قسەکانی بووە کە مەلای گەورە پیاوێکی ئاوها ڕاشکاو بووە.

**ڕامان:** باشە کە مەسعوود محەمەد تەماشای کتێبەکەتی کردووە، بۆچی لەسەر کتێبەکەت نەنووسیوە پێداچوونەوەی مەسعوود محەمەد؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** با عەرزت بکەم، کە زانیارییەکانم لێی وەرگرت لەناووەی کتێبەکە لە شوێنی خۆی نووسیومە مەسعوود محەمەد وا دەڵێ و وا دەڵێ،

بەڵام هەموو کتێبەکەی تەماشا نەکردووە.

**ڕامان:** بەڵام دەبوایە پیشانی بدەیت تا بە هەموویدا بچێتەوە، چونکە زۆر سوودی بە کتێبەکەت دەگەیاند.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** من دووبارە و دیسان چاوم پێی کەوتەوە و هاتە ماڵەوە، هەموو زانیاری و ڕووداوەکانم لەدەمی ئەوەوە نووسیوە، هەر شتێکی دیکەی هەبێ لێم وەرگرتووە، تەنانەت وتی وتارەکانی مەجلیسی تەئسیسشی لەلامە، من ئەوانەشم لێ وەرگرت، مەسعوود محەمەد سەرنج و زانیاری گشتی دەدامێ، زانیارییەکانی لە سەرچاوەی ڕاستودروستەوە هاتبوون، چونکە مەسعوود محەمەد زانیاری تایبەتی خۆی هەبوو، باسی هەڵوێستەکانی دەکرد، یان مەلای گەورە حەزی لەچی کردووە، یان هەندێ جار بیروباوەڕی تایبەتی خۆی دەگوت.

**ڕامان:** هەرچەندە بەڕێکەوت بەسەر ئەو کتێبەدا کەوتووی و لە بارەی مەلای گەورەت نووسیوە، بەڵام دیارە زۆر مەبەستت بووە کتێبی لەبارەوە بنووسیت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ڕاستە کە لە هەولێر سیمینارێکی گەورەی بۆ گیرا، ئەوسا وتیان دڵدار و مەلای گەورە فەرامۆش کراون، ئەمە وەختی ڕێککەوتننامەی ئادار بوو.

**ڕامان:** ئەو قەناعەتە لای تۆ هەبوو کە ئەو دووانە بەڕاستی فەرامۆش کراون؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، من پێشتر گوێم لە شیعرەکانی دەبوو، باوکیشم شیعرەکانی ئەوی هەبوو، دەمزانی ئەو زانایە پایەیەکی گەورەی هەیە و وەک شاعیرێک لە بارەی ئافرەتەوە نووسیویەتی و هانی دەدان بچنە کۆڕی ژیان و لەم بارەوە بیروڕای جوانی هەیە، باوکم شیعرەکانی بە نموونە دەخوێندەوە و زۆری لەبەر بوو، حاجی قادری کۆییشی لەبەر بوو، ئینجا بابەتەکەی مەلای گەورە و ئەو زانیاریانەی کۆم کردنەوە، بینیم ئەو کەسایەتییە شایستەی لەوە زیاترە کە لە بارەیەوە بنووسرێ و دەبوو فراوانی بکەم.

**ڕامان:** ئەی چۆن بوو، هەر لەوێ بڕیارت دا لە بارەی دڵداریش بنووسیت و کتێبێک بەناوی (دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد) چاپ بکەیت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بیرۆکە و سەرچاوەی نووسینی ئەم کتێبە لەچییەوە هات، پاش ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار بوو، لە کۆڕێکی ئەدەبیدا باس کرا، کەس نەبوو لە بارەی دڵدارەوە بنووسێ، لە سلێمانی کۆڕ و سیمیناریان لە بارەی زۆربەی زۆری نووسەر و شاعیرەکانیان دەگرت و بەسەریان دەکردنەوە، بینیم دڵدار فەرامۆش کراوە، وتم باشە ئەگەر من تەنیا ئەوەی مامۆستا گیوی موکریانی نووسیویەتی بهێنم مانای ئەوەیە من هیچم نەکردووە، بەڵام ئەگەر بێتو یاداشتەکەی خۆیم دەست کەوێ، دەکرێ ئیشی باشی لەسەر بکەم، بۆ ئەو مەبەستە چوومە لای بنەماڵەکەی، بەتایبەتی چوومە لای مەجیدی برای، ئەوان وتیان هەشت ساڵە دەستنووسەکانیان داوەتە د. مارف خەزنەدار، کە ئەویش ویستوویەتی لە بارەیەوە بنووسێ، ئینجا دڵدار وتاری هەیە لە بارەی عومەری خەییام، زمانی کوردی، نەورۆز، بێجگە لە دیوانە شیعرەکەی و (ئەی ڕەقیب) و ئەوانە، ویستم هەموو ئەوانەم دەست بکەوێ، مەجید داوای لێ کردم دوای هەشت ساڵ دەستنووسەکان لە د. مارف خەزنەدار وەرگرمەوە. دەیوت لەگەڵ د. مارف خەزنەدار ململانێمان کردووە، تەنانەت بووەتە ناخۆشیمان تا بماندادەوە، منیش ئەوەم نووسیوە، ئیتر نازانم هۆی چی بوو د. مارف خەزنەدار هەشت ساڵان لای خۆی هێشتبوویەوە، پاشان کچەکەی ئاسەفیش دەیوت کتێبەکانی دڵدار بەدەستخەتی خۆی وەک منداڵێکی ساوا بەهاوین دەمانبردنە سەربان، ئێواران لەناو سندووقێک دەمانهێنانەوە خوارێ، تا ڕۆژێک مەجیدی برای هات و بەتەواوی دەستنووسەکانی دایە دەست من، تەنیا شتێ کە خەمم پێ خوارد، ئەوە بوو کە وتی دەفتەرێکی دیار نییە، ئیتر نازانم چ دەستێکی ڕەش دەفتەرەکەی بردووە، یان ون کردووە. دڵدار وتوویەتی ئەو دەفتەرەی بە دەستخەتی خۆی نووسیوە و بزر بووە، نازانم کێ ئەو گەنجینەیەی لەدەست داوین، دڵدار بە وردی هەموو قۆناغەکانی ژیانی خۆی نووسیوە، ئەوە بوو واستەم کرد بۆ چاپ کردنی و لە دەزگای دارولئافاقی بەغدا چاپم کرد، هێندە بە سۆز و هەستەوە کەوتمە نووسینی کتێبەکە خۆم کردە دڵدار.

**لەبارەی مەلای گەورەوە زانیاری مەیدانیی تێروتەسەلم نووسیوە و هیچم نەهێشتووەتەوە بەسەرم نەکردبێتەوە.**

**ڕامان:** ئاستەنگەکانی بەردەمی تۆ بۆ لێکۆڵینەوە و

کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی دڵدار چی بوون؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کە خۆم تەرخان کرد بۆ ئەوەی سەرجەمی بەرهەمی دڵدار چاپ بکەم، کتێبەکەم چی لێهات؟ دوای ئەوەی هەموویم نووسییەوە، وتیان (ئەی ڕەقیب)ی تێدا مەنووسە، ئەگینا کتێبەکەت لەدەست دەڕوا، من وتم دەینووسم و با ئەوان ڕەتی بکەنەوە. برادەرێکیشم کردە واسیتە، کە بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی پیشەسازی بوو ناوی باسل بوو عەرەب بوو، ئاوەڵ زاوای محەمەدی مەلا مەعسوومی برای فوئاد مەعسووم بوو، ئەویش خانەقینییەکی کوردی دەناسی و وەزیفەکەی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بوو، وتی ئەوە لەسەر من و لەوێ بۆتی دەڕوێنم. کابرای خانەقینی هەرچی وشەی کوردستان بوو ڕاست و چەپێکی لێدابوو، ئەوەی مایەوە شیعرە دڵدارییەکانی دڵدار بوو، ئینجا وتم کەواتە من چیم کرد؟ پاش ماوەیەک مەسعوود محەمەد هاتە مەسیف، پێم وت شتێکی وا هەیە، وتی خۆ ئەو شیعرانە پێوەندییان بە بەعسەوە نییە، بۆچی وایان لێکردووە؟ شێخێک لە بەغدا خەڵکی بیارە بوو، لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەستی دەڕۆیی، وتی تۆ بینووسەرەوە و دووبارە بیدەوە سانسۆر، هاتمەوە دووبارە هەر پێنج سەد لاپەڕەکەم نووسییەوە، پاشان دامە مەسعوود محەمەد و ئەویش دابوویە ئەو، ماڵی ئاوا بێت (ئەی ڕەقیب)ی بە تەواوی بۆ لە سانسۆر دەرهێنام، لەگەڵ هەندێک شیعری تورکی و ئەوانە بەراوردی کردبوو، ئینجا شیعرە فارسی و تورکییەکەی بۆ وەرگێڕابووم، بەهۆی ئەو ڕەقیبەوە کتێبەکەم ڕزگاری بوو.

**ڕامان:** ئەو شێخە ناوی شێخ ئەمین عەلائەددین نەقشبەندییە و لە هەشتاکان چاکەیەکی وای لەگەڵ منیش کرد.. ئەو کتێبەی تۆ ساڵی هەشتاو پێنج چاپ کرا کە بۆ ئەوساکە گرنگ بوو.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** یەک مانگ لە بەغدا لە هوتێلێکی گەشتیاری بووین و خەریکی ڕاستکردنەوەی هەڵە چاپییەکانی کتێبەکە بووین، بۆ ئەو مەبەستە ئۆتۆمبێلەکەشم فرۆشت، لە وەختێکدا کتێبەکە بەو شێوەیە هاتە بەرهەم و هێنامەوە، کە زۆرم لێ چاپ کردبوو، سێ چوار هەزار دانەم چاپ کردبوو، تەماشام کرد لەو وەختەدا گفتوگۆی کورد لەگەڵ حکومەت فاشیلە، خەڵکەکە بۆ ئەوەی لە یەخەی خۆیانی بکەنەوە کتێبیان فڕێ دەدا، هەندێک کتێبی دڵدارم بەهۆی مستەفا ساڵح



سەروچاوە، لە ١٩٦٠/٤/٢١ گیراوە، حەوشەی قوتابخانەی گوندی سماقوولی

کەریم دایە کتێبخانەکان، هەندێکم لێ نارده قەڵادزێ، هەندێکم لێ نارده کەرکووک، ئەوانەی کەرکووک لە کتێبخانەی ئاسۆ خاوەنەکەی جەبار ئاسۆ بوو، بە ڕێکەوت ئەو پیاوە گیرا، هەموو کتێبەکانم دەستی بەسەردا گیرا، ویستم بچم پارەی کتێبەکانم بێنمەوە، هەر دەیانوت لێرە نییە، پارەی کتێبەکانی زاخۆش تا ئێستا نازانم چی بەسەرهات؟ یەکەم جار کە کتێبەکەم بردە ئەوێ حاکم سالاری ئامۆزام کە حاکم بوو لەوێ، لەگەڵم هات بۆ کتێبخانەکە و داوای وەسڵ-م کرد، وتی من خۆم وەسڵم، بە کورتییەکەی ئێستاش نازانم چی بەسەرهات؟ ئێستا نیازم هەیە ئەو کتێبەم چاپ بکەمەوە.

**ڕامان:** هیچ زانیارییەکی نوێت پەیدا کردووە بیخەیتە سەر ئەو بەرهەمەت؟ یان ئەگەر چاپت کردەوە، دەستکاریت کردووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، کە ویستیان (ئەی ڕەقیب) زیندەبەچاڵ بکەن و نەمێنێ، هەوڵی زۆریش بۆ ئەوە هەبوو، پارەشی درا، من ئەو کاتە وتارێکم نووسی.

**ڕامان:** ئاگام لە نووسینی وتارەکەت هەیە کە لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوت کردەوە.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بێجگە لەو وتارە، لە بارەی ئەی ڕەقیب هەندێک شتی دیکەشم نووسیوە، دوو کچی هەمەوەندی کە خەریک بوون ماستەر وەرگرن، دکتۆر ئیحسان فوئاد وتبووی بڕۆنە لای عەبدولخالق عەلائەددین، هاتنە لام و من زانیاری تەواوم لەم بارەیەوە دانێ.

**ڕامان:** دوای ئەو وتارەت کە لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوت کردەوە، هیچی ترت نەنووسی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ دوایی شتێکی دیکەشم نووسی و ئەوەیانم بڵاو نەکردووەتەوە، هۆیەکەشی دۆخی سیاسی بوو.. سەبارەت بە ئادەمیزاد و ئایینەکان دڵدار وتارێکی نووسیوە، ئەوەیان لەبەر ئیسلامییەکان هەر نەموێرا بڵاوی بکەمەوە، دواییش ئەو لاتینییەی دڵدار بە خەتی خۆی نووسیویەتی، عەبدولخالق سەرسام بۆی وەرگێڕام و لاتینییەکەی کردەوە بە پیتی عەرەبی، لەوێش دڵدار داوای دەوڵەتی کردووە و بەراوردی کردووە، بڕیار وایە بەهۆی خزمێکی، ئەو لاتینییەشم دەسکەوێتەوە.

**ڕامان:** دیارە لە کۆیە محەمەد تۆفیق وردیت ناسیوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، ئەو نەوەی پێش من بوو، من لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم مامۆستایەکمان هات دەنگێکی خۆشی هەبوو، سروودی پێ دەوتین، وەختێک لە تەق تەق ببووە مامۆستا، کە هات وتیان ئەوە محەمەد تۆفیق وردی-یە، کە دەهاتە لامان سروودی پێدەوتین، سروودەکەشی بە ئاوازێکی زۆر خۆش دەوت کە سۆزێکی تێدا بوو، دەنگیشی زۆر خۆش بوو، دوایی چووە مەهاباد، لە مەهابادیش تووشی گرفت بوو، چونکە گەلێک ڕەخنەی لە کۆمار دەگرت، ئەوە بوو گرتیان، ئەو گرتنە وای لە ئەفسەرەکانی کورد کرد بە قازی محەمەد بڵێن بابە ئەو پیاوە نیازی پاکە، ئەویش بانگی کردبوو و پێی وتبوو کوڕی باوکم ئەوەی تۆ دەیڵێیی جارێ زووە، ئێمە هێشتا ساواین و وەختی نییە، دوای ئەوە بەری دابوو، هاتەوە، ئەوە بوو خۆی نەگرتەوە و تووشی کارەساتێک بوو، لە بەغدا ناگوزوری زۆر ڕووی تێکرد و ژنەکەشی بەجێی هێشت، ژنێکی دیکەی هێنا و دواجار لە نەشتەرگەرییەک دەرنەچوو و کۆچی دوایی کرد، کە چووینە بەغدا بۆ دامەزراندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد، دواجار چاوم پێی کەوت، چونکە لەژێر نەشتەرگەرییەکی بچووک و کەم بایەخ و لە ئەنجامی زێدە بەکارهێنانی ماددەی بێ هۆش کردن گیانی لەدەست دا.

**ڕامان:** هونەرمەند جابر پیرداوود کە هاتە کۆیە و بووە مامۆستا، چونکە یەکەم دامەزرانی لەوێ بوو، یەکترتان ناسی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** منیش کە لە بەندیخانە بەربووم، پلەوپایەی حزبیم گەورە بووەوە و کۆبوونەوەم لەگەڵ کەریم ئەحمەد داوود دەکرد، جابر پیرداوود برادەری کەریم ئەحمەد داوود بوو کە ئەویش مامۆستا بوو، بەڕاستی هونەرمەندێکی خاوەن بەهرە و توانست بوو.

**ڕامان:** ئەی تۆ پێم بڵێ کەی وازت لەبیروباوەڕی شیوعیانە هێناو ئاراستەیەکی نەتەوەییانەت گرتە بەر؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە بەندیخانەی بەغدا تووشی دۆخێکی سەیر بووم، دوو کەس لە برادەرانی خۆم ئیعترافیان لەسەر کردم (نامەوێ ناویان بڵێم)، بۆیە بە حاڵێکی خراپ هاتمەوە قوتابخانەوە، باوکم وتی بچۆرەوە قوتابخانە، بەڵام ڕێگایان پێ نەدام درێژە بە خوێندن بدەم، وتم با واستەیەک بکەم و بگەڕێمەوە قوتابخانە و خوێندنەکەم لەکیس نەڕوا، خزمایەتییەکمان لەگەڵ عوسمان فایق هەبوو، ئەو کاغەزێکی بۆ نووسیم، منیش عەریزەیەکم دا کە داوام کردبوو بمگەڕێننەوە، چوومەوە دەوام بکەم، بەخێرهاتنیان کردم، عەلی عەبدولمەوجوودی بەڕێوەبەری قوتابخانە و عەبدوڵلا فەندیش کە عەرەب بوو جێگری بەڕێوەبەر بوو، ئەویش مووسڵاوی بوو زۆر دژی چەپ و کورد بوو، وتی مانگ تێپەڕیوە تۆ تازە دێی بۆ دەوام؟ بەپێی یاسا مانگێک لە خوێندن دابڕاوی، تۆ ڕێگات پێ نادرێ بخوێنیت. بەیانی کە هاتمەوە قوتابخانە، وەڵامێک هاتبووەوە، عەلی عەبدولمەوجوود وتی وەرە وەرە، ئینجا عادەتی بوو لەسەر نان خواردنی سبەینان دەیوت وەرە ئیشم پێتە، وتی بەداخەوە ئێستا ئەمرێکمان بۆ هاتووە و دەڵێ: (لايمكن بأي حال من الأحوال قبول الطالب عبدالخالق علاءالدين واستمراره في الدراسة)، ئەو عەریزەیەی من دابووم دیاربوو چووبووە دەزگای ئەمن، ئەوانیش ئەوها وەڵامیان دابووەوە، بەڕێوەبەریش چووە ناو قوتابییەکان و پێی وتن ئەوەتانێ سەیر بکەن لەسەر سیاسەت چی بەسەرهات؟ بۆ ئەوەی قوتابییەکان چاوشکێن بن و نەکەونە دوو سیاسەت. دووبارە چوومەوە لای ماجید مستەفا کە خزمایەتییەکمان لەگەڵی هەبوو، دوای ئەوەی عەینی شت عوسمان فایەق نامەی بۆ نووسیم، بەڵام ئەو وەختە بە وەزیریی نەمابوو و بازرگانی دەکرد.

**ڕامان:** عوسمان فایەق چ پێوەندییەکی بەو ئیشەوە هەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** برای ماجید مستەفا بوو.

**ڕامان:** دەبڵێ عوسمان مستەفا، نەک عوسمان فایەق بێ قەزابێت..

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ ڕاست دەکەی،

نامەیەکی بۆ ماجید مستەفای برای بۆ نووسیم، ئەو کاتە لە وەزارەت نەمابوو، بەڵام تەلەفۆنی بۆ وەزیری پەروەردە کرد، عوسمان مستەفا بۆی نووسی کە من دەمەوێ بەردەوام بم لە خوێندنی دارولموعەلمینی دهۆک، وەزیری پەروەردە پێی وتبوو با بێتە لای من، کە چوومە لای سکرتێرەکەی لێ نەگەڕا بچمە ژوورەوە، وتی ئێستا بەڕێوەبەری پەروەردەی مووسڵی لەلایە. وتم پێی بڵێ خۆی وتوویەتی با بێتە لام، من کێشەکەی بۆ چارەسەر دەکەم. سکرتێرەکەی وتی پێی ناڵێم، منیش کە چووبوومە مووسڵ برسیم بوو دەمویست نان بخۆم، تا ئەوکاتەش قەت مووسڵم نەدیبوو، دەبینم شەش پۆلیس لە پشتمەوە غار دەدەن، لەپڕ قۆڵیان گرتم، وتیان تۆ عەبدولخالق عەلائەددینیت؟ وتم بەڵێ. وتیان وەرە لەگەڵمان. وتم بابە برسیمە، وەرن نانتان بۆ دەکڕم، وتیان مەجال نییە. من نازانم ئەو زانیارییانە لە کوێوە هاتبوو، تومەز وەختی خۆی کە لە بەندیخانە بەربووم بەکەفالەتی دوو ساڵ حوکم، ساڵێکیش چاودێری بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەنم نەبوو بە هەژدە ساڵ، پێیان وتم تۆ نەهاتووی کەفالەت بکەیت، لەبەر ئەوە پێویستە بێی، پشکنینێکی زۆریان کردم، دوایی منیان لە هوتێل دانا و پۆلیسێکیان بەدیارمەوە ڕاگرت، پاشان منیان بردەوە هەولێر، کەفالەتم دا، ئینجا چوومەوە قوتابخانە، بەڕێوەبەر وتی چۆن هاتیتەوە؟ منیش خۆم هەڵکێشا، موعەلیمەکان بەخێر هاتنیان کردم و بەشی خۆم وانەیان دامێ، گەڕانەوەی جاری دووەمم موعجیزە بوو.

**ڕامان:** تۆ ئێستا حەکایەتت زۆرە، سەرگوروشتە و بەسەرهات، من داوام لە تۆ کرد کە چۆن بیروڕای مارکسی و چەپت واز لێ هێناو گەڕایتەوە بەرەو نەتەوایەتی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کە ئەوەم بەسەرهات، تەماشای تەعلیماتی حزبی شیوعی-م کرد، هۆشم هاتەوە بەر.

**ڕامان:** کەسێک هەبوو لەم ڕووەوە کاریگەریی لەسەرت هەبووبێ و هاوکاری تۆی کردبێ تا هۆشت بێتەوە بەر؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەوەڵڵا هەر خۆم گەیشتمە ئەو قەناعەتە.

**ڕامان:** ئەوە لە ئەنجامی خوێندنەوەی خۆت بوو، یان ئەزموونی ژیانت؟



**هاوینەهەواری پیرمام - ١٩٩٣/٨/١٤**
**یادی نەوەد ساڵەی لەدایکبوونی بارزانی نەمر، لە ڕاستەوە: ئازاد عەبدولواحید، تایەر ئەحمەد حەویزی، عەبدولخالق عەلائەددین، کەریم شارەزا.**

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانەوە بوو کە لە ژیانمدا بینیمن و بەسەرمدا هاتن، بە تایبەتی کە بینیم من لەسەر ئەوان گیراوم، کەچی لەناو ئۆتۆمبێل دەمبینن و مەرحەبام لێ ناکەن، ئینجا ئەو شتانە وایان لێ کردم قەناعەتم بگۆڕێ، لەو دواییانەش کە حزبی شیوعی لەگەڵ بەعس دەستیان تێکەڵ کرد و ڕێک کەوتبوون، ئەوەندەی دیکە ئیمانم پێیان نەما.

**ڕامان:** تۆ باسی ئەوەت کرد نامەت بۆ تاهیر بەهجەت مەریوانی بۆ ئەمریکا نووسیوە، لەگەڵ ئەدیبان و نووسەران نامە و نامە گۆڕینەوەت زۆر بووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بە نیسبەت تاهیر مەریوانی، لەپێناوی ئەوەی بچمە ئەمریکا نامە گۆڕینەوەم لەگەڵی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوانی دیکە پێوەندی ئاساییم هەبووە.

**ڕامان:** لەگەڵ کێی دیکە لە نووسەرەکان نامەت ئاڵوگۆڕ کردووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لەگەڵ مستەفا ساڵح کەریم، هەمیشە نامەی دۆستانەمان لەگەڵ یەکتر هەبووە، بێجگە لە کەریم شارەزا.

**ڕامان:** لەگەڵ کەریم شارەزا نامەتان لە بەیندا هەیە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** هەندێ نامە هەیە، بەڵام پێوەندییەکانمان زیاتر بە تەلەفۆنات بووە.

**ڕامان:** باسی تەلەفۆنات ناکەم، نامە دەڵێم، مەبەستم ئەدەبیاتی نووسینی نامەیە.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ نامەشمان هەبووە.

**ڕامان:** ئێستا تۆ بەو تەمەنەوە کە هەشتاو یەک ساڵ تەمەنت هەیە، لەو ماوە دوورودرێژەدا تا ئێستا نامەی چەند ئەدیب و نووسەرت لەلا کۆبووەتەوە و لەلای خۆت هەڵتگرتوون؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەوکاتەی هێشتا نەچووبوومە لەندەن، نامەی زیاترم هەبوو، ئەو نامانەم کۆکردووەتەوە، کە لە حەمە کەریم هەورامی و کەریم شارەزا و تایەر ئەحمەد حەوێزی و ئەحمەد دڵزار و کۆمەڵێک نووسەرەوە بۆم هاتوون، دامناوە لە یاداشتەکانی خۆمدا هەندێکیان دابنێم و قسەیان لەبارەوە بکەم.

**ڕامان:** لە چ ڕوویەکەوە قسەیان لە بارەوە دەکەیت، لە ڕووی سیاسی، یان لە ڕووی ناوەڕۆکی ئەدەبییانەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ناوەڕۆکەکانیان باسی ڕووداوەکانی ڕۆژ و سیاسەت دەکەن، لەگەڵ نووسەر و شاعیرەکانی کۆیە هەمیشە هاتوچۆمان هەبووە، بەتایبەتی لەگەڵ دڵزار و شاعیرەکانی ئەو وەختی کۆیە، لەگەڵ عەونی، دواییش لەگەڵ سامی عەوداڵ.

**ڕامان:** باشە باسێکی سامی عەوداڵ-مان بۆ بکە، بیرەوەریت لەگەڵی هەیە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** دوکانێکی دابەش کردنی ئازووقەی میری دانابوو، بەردەوام دەچوومە لای و شیعرەکانی خۆی بۆم دەخوێندەوە، زۆر ناخۆشی و ناگوزوری ژیان بەسەروسیمایەوە پێوە دیار بوو، هەرچەند جارێک چووبێتمە شاری کۆیە، سەردانم کردووە.

**ڕامان:** تەنیا ئەوە بوو شیعری بۆت دەخوێندەوە؟

منیش سەردانم کردووە، پیاوێکی زۆر کڕ و بێ دەنگ بوو، کە دەچوومە لای زۆر قسەی نەدەکرد، هەموو دیوارەکانی دوکانەکەی بە نووسینی شیعر ڕازاندبووەوە، لە سجلێکی گەورەدا شیعرەکانی نووسیبووەوە کە ناوی نابوو (حدیقة الأفکار)، لەو دەفتەرە گەورەیە شیعری بۆ دەخوێندمەوە.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەخۆی لە دنیای ئەدەبی خۆیدا بەختەوەر بوو.

**ڕامان:** پێشتریش پینەدۆزی کردبوو، پیاوێکی ڕەنجدەر بوو.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** پینەدۆزیی کردووە، پاشان چووەتە شاری هەولێر، لە هەولێریش جارێکی دیکە چووەتەوە کۆیە، ئەوە ژیانی ئەو بووە و بەو شێوەیە بەڕێی کردووە، لە کتێبە دەستنووسەکەمدا، (ناودارانی کۆیە) لە بارەیەوە دەخوێنیتەوە.

**ڕامان:** ئەو کتێبەت جارێ چاپ نەکردووە، ئەی لەگەڵ عەونی-ی شاعیر سەروساختت هەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لەگەڵ عەونی-یش زۆر دادەنیشتین، پێوەندیمان زیاتر بەهۆی حاکم عومەری برایەوە بوو کە بووە زاواشمان، زۆر دەچوومە لای، دواجار کە چوومە لای وتی ساسان وەرە دوا شیعر بۆ مامۆستا بخوێنەوە.

**ڕامان:** بە کوڕەکەی وت بۆت بخوێنێتەوە؟ ئەی بۆچی خۆی بۆتی نەخوێندەوە، خۆ ئیلقای خراپ نەبووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لەبەر ئەوەی خۆی نەساغ بوو، ساسانی کوڕی ڕاسپارد، منیش هەر بەبۆنەی نەساغییەکەی چووبوومە لای، تەماشام کرد دوا شیعرێتی، پێم وت کاک عەونی تۆ گەنجینەیەکی بەهاداری ئەدەبی و شیعری زۆرت هەیە، من ئامادەم وەک کتێبەکەی دڵدار هەمووی لەسەر ئەرکی خۆم چاپ بکەم، وتی تا خۆم لە ژیاندا مابم حەز ناکەم چاپ بکرێن، ئینجا گلەیی لە هەندێ بەرپرس کرد و باسی خەباتی سیاسیی خۆی و دوایین شیعرەکانیشی بۆ کردم.

**ڕامان:** گلەییەکانی چی بوون؟ گلەیی لە کێ دەکرد؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** گلەیی لە سەرکردایەتی هەندێ حزب و هەڵوێست و ڕەفتاریان دەکرد کە گەلێک پێتاک و یارمەتییان بۆ مەهاباد کۆکردووەتەوە و نەگەیشتووەتە شوێنی مەبەست. دوایی کە هاتە هەولێر ددانی نەمابوو و زۆر پەرێشان بوو، لە هەولێر چوومە لای و سەردانم کرد، جارانیش کاتێ لە (عەباسیە) سەردانی حاکم عومەری برای دەکرد، لە دوو منی دەنارد تا بچمە سەردانی، ئەگەرچی من لە شوێنێکی تر بووم.

**ڕامان:** عەونی بۆ ئەوێ دوور خرابووەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەخێر حاکم عومەری برای لە عەباسیەی دیوانیە بوو، عەونی دەهات سەردانی ئەوی دەکرد، پێوەندی کۆمەڵایەتی زۆر بوو، دڵداریش باسی ئەوە دەکات.

**ڕامان:** گرنگە پێم بڵێی چۆن دڵدارت ناسی و برادەرایەتیت کرد و چۆن لێی نزیک بوویتەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کاتێک مانمان گرت، من لە یەکی ناوەندی بووم، دڵداریش کە حقووقی تەواو کردبوو چووبووەوە کۆیە، پارێزەر بوو، ئاسەفی برا گەورەی برادەری باوکم بوو، دووجار بە شەوان لەگەڵ باوکم

چووینە ماڵی ئاسەف، دڵداریش ئەو وەختە لەوێ بوو، ئەوەشم دێتەوە بیر کە ڕۆژێک دڵدار لەگەڵ کەریم ئەحمەد داوود هاتنە سەردانی باوکم و کەوتنە گفتوگۆی سیاسی، تەنیا ئەوەم لەبیرە کە دڵدار وتی لەبەر نەخۆشی و شەڕوشۆڕی ڕۆژگار ژمارەی کورد ڕووی لە کەم بوونەوەیە، لە بارەی بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەدوان کە ئەوکات لە مێشکی من جێگەی نەدەبووەوە. کە لە دارولموعەلمین مانمان گرت ئەو لەگەڵ کەریم ئەحمەد داوود لەو دواییانە بوونە تەحەروور کە سەر بە ئایدیۆلۆجیای حزبی شیوعی بوو، پێشتریش لە دارکەران و هیوا و ئەوانەدا کاری دەکرد، گوێشمان لێ دەبووەوە دڵدار دەیپرسی بۆچی حزبێکی شیوعی کوردستانیمان نەبێت و بۆ عایدی بەغدا بین؟ هەر ئەوکاتە بوو قوتابییەکان لە مزگەوتی (مەلا ئەسعەدی جەلی زادە) لەگەڵ کەریم ئەحمەد داوود و دڵدار کۆ دەبووینەوە، ئەوان هانیان دەداین و فێریان دەکردین مان بگرین و خۆپیشاندان لە دژی مامۆستایەک بکەین کە گوایە لێدان بەکار دەهێنێ و بەباشی دەرسەکانی ناڵێتەوە و بە کوردی تێمان ناگەیەنێ، شوێنی کۆبوونەوەکەشمان گردی عارەبیان بوو، کە پێشەکەی چۆڵ بوو، لەوێ کۆدەبووینەوە و مانمان دەگرت، پشتی ئەو گردە گۆڕستان بوو، دوای سێ چوار ڕۆژ کە لەوێ کۆبووینەوە، ئیدی مامۆستایەکان هاتن لەگەڵمان دانیشتن و هێوریان کردینەوە.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە کەتنێکی ئەوەندە گەورەی کردبوو شایەنی ئەو مان گرتن و گردبوونەوەیە بێت، یان شتی دیکە لەپشت ئەو هاندانەوە هەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** هەموو ئەو مان گرتن و خۆپیشاندانانە بۆ خۆ ئیسپات کردنی حزبی شیوعی بوو، کە دەیویست خۆی تاقی بکاتەوە و بزانێ چەند دەتوانێ لەو جۆرە کارانەدا سەرکەوتوو بێت، ئینجا دڵدار ببووە پارێزەرمان، یاساییانە فێری دەکردین چ بکەین و چی بڵێین، وەک باسم کرد جارێکیان لەگەڵ باوکم و لەگەڵ کەریم ئەحمەد لە ماڵی ئێمە دانیشتبوون باسی کوردیان دەکرد، دڵدار دەیوت کورد نفووسی کەمە، کەریم ئەحمەدیش دیار بوو گفتوگۆی لەگەڵ دەکرد، بەگشتی گفتوگۆی سیاسییان هەبوو، دوا چاوپێکەوتنم لەگەڵ دڵدار لە کاتێکدا بوو کە لە هەولێر قوتابی بووم، بە دوایدا ناردم، لە بەرانبەر چایخانەی مەچکۆ، چایخانەیەکی بچووک هەبوو، چوومە لای وتی لەلای باوکتەوە هاتووم.. تۆ چیت دەوێ و چ پێویستییەکت هەیە، تا بۆتی جێبەجێ بکەم؟ بیرمە لە ڕواندز دەعوای هەبوو، جانتاکەشی لە تەنیشت خۆی دانابوو، کە هەستا بەزەردەخەنەوە چاوە شینە جوانەکانی تێبڕیم، دوعاخوازی لێکردم و ماچی کردم، ئیدی هەر ئەو جارە بوو، جارێکی دیکە چاوم بە دڵدار نەکەوتەوە، لە کاتێکدا کە لە بەندیخانەی وەشاش بووم لە بەغدا شەو بوو، برادەرێک بەناوی ئەنوەر ئەدهەم کە خەڵکی سلێمانی بوو، باوکی کاتی خۆی ئەفسەری تەجنیدی کۆیە بوو، هاتە لام و وتی نەتزانیوە دڵدار کۆچی دوایی کردووە؟ ئەم هەواڵە وەک قونبەلەیەک لە مێشکمدا تەقییەوە، چاوم پڕ بوو لە ئاو، بۆ چەند شەوێک خەوم لێ زڕا.

**ڕامان:** دڵدار برازایەکی لە شاری سلێمانی هەبوو ناوی مولازم مەدحەت بوو..

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ.. بەڵام ئەوەی زیاتر کاریگەری لەسەر ژیانیان هەبوو و لە باتی باوکیان بوو، ئاسف بوو.

**ڕامان:** بەڵام خۆزگە برازای نەبوایە، ئەوەیان لە دایرەی ئەمنی سلێمانی دەورێکی زۆر خراپی دەگێڕا.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ بەڵێ، ئەوەی تۆ باسی دەکەی پێشتر لە عەنکاوە بوو، لە سلێمانیش بوو، ئەوە لە خێزانەکەیان بوو، باوەڕ ناکەم برازای بووبێ.

**ڕامان:** دەیانوت برازایەتی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە عائیلەکەیان بوو، من ناسیاویم لەگەڵی نەبوو.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ تاهیر ئەحمەد حەوێزی میانەتان چۆن بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کاتێک من چوومە کۆیە ئەو لە قوتابخانەی ئوولا بوو، منیش هەر بۆ ئەوێ گواسترامەوە، چەندین مامۆستای تریشی لێ بوو، بەڵام ئەوەی لە هەموویان زیاتر لەگەڵی هەستم بە دۆستایەتی و خۆشەویستی کرد، تایەر ئەحمەد حەوێزی بوو، کە پێکەوە دادەنیشتین و باسی ئەدەبیات و کۆیەمان دەکرد، ئەوە بوو جارێکیان هەندێک کەلوپەلمان لەگەڵ خۆمان برد و پێکەوە سەیرانێکمان بۆ سماقوولی کرد، تایەر ئەحمەد حەوێزی و مامۆستا موعتەسەم و چەند قوتابییەک بووین کە بە جلوبەرگی کەشافە و بە پیادەڕێ چووینە سماقوولی و سەروچاوە.

**رامان:** وابزانم نزیکی دوازده سێزده ساڵێک لەتۆ گەورەتریش بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ ئەو زۆر گەورەتر بوو، بەڵام ئەوەندە پیاوێکی قسە خۆش و ڕووخۆش بوو، هەمیشە حەزم دەکرد پێکەوە دانیشین، قسەی بۆ دەکردم، زۆریش پێکەوە دانیشتووین و موناسەبەتمان بووە، تا جارێکیان چووینە سماقوولی، لەوێ بناوانێکی کۆییەکانی لێ بوو، بۆیە بە سەفەرە چووینە ئەوێ.

**رامان:** ئەی چی لە بارەی قسە خۆشەکانی کۆیەوە دەزانیت وەک عەبد جاسم، حەمە سدیقی باخچەوان، ناوی کێی دیکە دەزانیت کە قسەیان خۆش بووبێ و لە دانیشتنەکاندا نوکتە و قسەی خۆشیان کردبێ؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کە منداڵ بووم مستەفا ئاغای باوکی کەریم شارەزاش هەروا قسە خۆش بووە، کە لە سەردەمی من نەبووە، منداڵ بووم دەمبیست ئەویش لە پیاوە قسە خۆشەکانی کۆیەیە، کەسێکی بەجۆش و قسە خۆش بوو، نوکتە و بەسەرهاتی شێخی سەعدی شیرازی و شیعرەکانی دەکردنە کوردی و لە خێزانییەوە خزمایەتییەکیشی لەگەڵ ئێمە هەبوو کە دەکاتە خوارزای ئەمین ئاغای ئەختەر، تۆ شارەزاییت لەم بارەیەوە هەیە، ئەو پیاوەش بەناوبانگە، بەڵام ئەوانی دیکە کە قسەیان خۆش بووبێ و سوعبەتیان کردبێ ئەوەندەی من لەبیرم بێ یەکێک لە پیاوە قسە خۆشەکانی شاری کۆیە عەبد جاسم بوو کە تا بڵێی پیاوێکی قسە خۆش و نوکتەچی و دەنگ خۆش و مەقام زان بوو، لە هەر مەجلیس و کۆڕێک بوایە، هەموو ئەو مەجلیسەی دەخستە پێکەنین، حەمەڕەز کە برای کوێخا حەویز بوو لە گوندی تەکەول دادەنیشت، ئەوەش پیاوێکی تابڵێی نوکتەزان و خۆش مەشرەب بوو، لەگەڵ عەبد جاسم و عەلی بابا کە لە سلێمانییەوە دەهات، بەتایبەتی ئەو سێ کەسە لە ماڵی عەبد جاسم کۆ دەبوونەوە و دەکەوتنە گۆرانی و مەقام وتن و نوکتە گێڕانەوە. عەبد جاسم نوکتە و قسەی خۆش و سەربوردەی دەگێڕایەوە، پێوەندی لەگەڵ مەلای گەورە هەبوو، کە دەبووە شەو، لەبەر ئەوەی عەرەبییەکی جوانی دەزانی و مەقامیشی دەوت و دەنگی خۆش بوو، خەڵکی دەورەیان لێ دەدا، خێزانەکەشی عەتیەی ناو بوو، کچی عەبدولڕەحمان بێتووشی بوو، دکتۆر خێروڵڵا کوڕی ئەوە، ئەکرەمی کوڕیشی قائید فرقە بوو، بە نەخۆشی شێرپەنجە مرد، خێزانێکی زۆر ڕێکوپێک بوون، دکتۆر خێروڵڵا لە ساڵی چلەکانەوە بووەتە دکتۆر.

**رامان:** دەی کێی دیکە لەکۆیە هەبوون قسەخۆش و نوکتەچی بن؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** وەک خۆت دەزانی لە شاری کۆیە گەلێک کەسی قسە خۆشی تێدا بووە، عەولا جەیدی-یش هەبوو. ژیانی من زۆر کەمی لە کۆیە بووە، هەردوو ساڵ لەوێ مامەوە، کە خوێندنم تەواو کرد، دوایی چوومە مەسیف سەلاحەددین، پاشان نێردرامە باشوور، ئەو ساڵانەی لە کۆیە بووین، زۆر سەیران و گەشتمان بۆ چنارۆک دەکرد.

**رامان:** ئەی هونەرمەند بیلال بەهائەددین کە هونەرمەندێکی شێوەکار بووە و ئاوازی داناوە، جارێک ناوت هێنا کە ئەویش یەکێک بووە لە ئەندامانی حزبی شیوعی، لەگەڵ ئەو بۆنە و کۆبوونەوەتان بووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بۆنە و کۆبوونەوەمان زۆر بوو، کوڕەکانیشی قوتابی من بوون، لە قوتابخانەی ئوولاش هەر پێکەوە مامۆستا بووین، دوایی کە لە ساڵی ١٩٥٨ عەبدولکەریم قاسم هات، بەشێوەیەکی سەرگەرمانە ئینتیمای بۆ حزبی شیوعی هەبوو، ساڵانی دواتر دەچووە قەڵادزێ و زۆر بە زەقی پێوەندی هەبوو.

**رامان:** ئەی بۆچی وەک هونەرمەندێک باسی بیلال بەهائەددین ناکەیت؟ ئایا گوێت لە سروودەکانی نەبووە؟ یان بۆچی باسێکی تابلۆیەکانی و بینینی بەرهەمەکانی ناکەیت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کە لە (قەلعەت ئەلسوکەر) بوو، من لە گوندێک بووم زۆر لێی دوور نەبوو، ماوەیەکی پێ چوو ویستم بچمە قەڵادزێ، بیلالە فەندیش هاتە لام و وتی ئەوە بەجێمان دێڵی؟ ئەویش پاش من لە ناکاو بەجلی کوردی بە کەر و ولاغ هاتبووە قەڵادزێ، کە ئەو ناوچەیە ڕزگار کراو بوو و ببووە مەڵبەندی کۆییەکان، ماوەیەک لەوێ ماینەوە تا بڕیاری گەڕانەوەمان دەرچوو، پاشان هەریەکەمان گەڕاینەوە شوێنی خۆمان، بۆیە ئەو دەرفەتەم نەبوو کارە هونەرییەکانی ببینم و ئاوازەکانی ببیستم، دەنا سەرەتا لەگەڵ باکووریش تەمسیل و کاری هونەری دەکرا، هەرچەندە ئەکتەر نەبوو، بیلالە فەندیش لە دەستەکەدا بوو.

**رامان:** مەبەستت لەو دەستەیە، دەستەی هونەرە جوانەکانی کۆیەیە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ بەڵێ.. ڕاستە.

**ڕامان:** مامۆستایان: کەریم شارەزا، باکووری، بیلال بەهائەددین، تایەر ئەحمەد حەویزی لە دەستەی هونەرە جوانەکان بوون، ئەی تۆ بۆ لەو دەستەیەدا نەبوویت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** منیش بوومە ئەندام، بەڵام زوو لەوێ ڕۆیشتم و لە کۆیە نەمام.

**ڕامان:** دیارە حەزت لە هونەر نەبووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بە بەردەوامی مەیلی هونەرم نەبوو.

**ڕامان:** لەگەڵ ئەکتەری و تەمسیل چۆن بوویت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** حەزم لێ دەکرد.

**ڕامان:** ئەی گۆرانی گوتن؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەو هیوایەتەم نەبووە کە دەنگی خۆم تاقی بکەمەوە.

**ڕامان:** لەگەڵ هونەرمەندەکان تاهیر تۆفیق، مەلا ئەسعەد، سێوە، لەگەڵ ئەوانە بۆنەیەک هەبووە لەگەڵیان کۆببیتەوە و دابنیشیت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** زیاتر لەگەڵ تاهیر تۆفیق دانیشتووم، بگرە زۆر دانیشتنمان بووە و مەقام و گۆرانیش وتراوە، دوایی دەنگخۆشە کۆییەکانی دیکەش لەگەڵیان دانیشتووم، ئەوانەی کە بێنە بیرم مەلا ئەسعەد و سێوە بوون، لەگەڵ حەمەدەمینە گۆجە و سەید موحسین زوین و حەویز وەهاب پێکەوە هاوینان دەچووینە لای سێوە و بە پارەی من و موحسین زوین دەستێک کورتەک و شەروالمان بۆ دەکڕی، سەید موحسین زوین کە هاوژینەکەی ناوی فەخری خان بوو و خەڵکی زاخۆ بوو، ئەم مامۆستایە گوێزرابووەوە شاری کۆیە و دوایی گواستیانەوە باشووری عیراق و لە قەلعەت ئەلسوکەر دایاننا، ئینجا لەگەڵ ئەو مامۆستایە سێوەمان دەبرد لە یانەی فەرمانبەران بە کەباب دەعوەتمان دەکرد.. لە ماڵی سەید موحسین زوین دادەنیشتین، حەمەدەمینە گۆجە دەیویست لاسایی دەنگی ئەو بکاتەوە، سێوە بەڕاستی گۆرانیبێژ بوو، بەڵام بەداخەوە لە کۆتایی شەستەکاندا بێ ناز کەوتبوو، لەبرسان هیلاک ببوو.

**ڕامان:** ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە بەرهەمەکانت تێیاندا بلاوکردووەتەوە، بێجگە لە گۆڤاری هەتاو و کاروان، لە چ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی دیکەشدا بەرهەمت بڵاوکردووەتەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە گۆڤاری کاروان، هەتاو، هیوا، (شەفەق)ی کەرکووک، ڕۆژنامەی هاوکاری لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەدا بەرهەمم بڵاوکردووەتەوە، تەنانەت چیرۆکم لە گۆڤاری (کاروان)دا بڵاوکردووەتەوە، من قەت مەیلی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانم لە ڕۆژنامەدا نەبووە، ئێستا ئەو ڕۆژنامەیە، چاوی پێدا دەخشێنم و فڕێی دەدەم، گۆڤارەکە دەمێنێ، بۆیە هەمیشە لە گۆڤار، یان کتێب بەرهەمەکانم بڵاو کردووەتەوە و کەمتر لە ڕۆژنامەکاندا بابەتم بڵاوبووەتەوە.

**ڕامان:** بەڵام لەگەڵ ئەوەش کەمت نووسیوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:**

سەقامگیری لە ژیانمدا نەبووە، چواردە مانگ لە ناوچە ئازادکراوەکان بووم، دواتر بۆ خوارووی عیراق دووریان خستمەوە، ئینجا هەر ماوەیەک وەزیفەکەم لە شوێنێک بوو، ئەوە هۆیەکەی بوو.

**ڕامان:** بۆ هەر لەو چوار پێنج گۆڤارەدا بەرهەمەکانت بڵاو کردووەتەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** من قەناعەتم وابوو، بڵاوکردنەوەی بەرهەم لە ڕۆژنامەدا نامێنێ، تەنانەت چیرۆکێکیشم نووسیوە و لە گۆڤاری کاروان دا بڵاوم کردەوە.

**ڕامان:** ئەی بۆ لەسەر چیرۆکنووسین بەردەوام نەبوویت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** خەریکی دانانی ئەو کتێبانە بووم، تا ئەمڕۆکەشی لەگەڵدابێ هەر سەرقاڵی ئەوانەم.



**رامان:** من وا هەست دەکەم تۆ زۆر ڕەوتەنی و ڕاگوزار هاتوویتە ناو دنیای نووسینەوە، واتە زۆر بە قووڵی و جددیانە کارەکەت وەرنەگرتووە.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** من ئەگەر لە کۆیە سەقامگیر بوومایە باش بوو، بەڵام زوو دوور خرامەوە و دواییش خەریکی ئەو کتێبانە بووم، لە گوند ژیام، ماوەیەک هاوینان هاتوچۆی ئەو گوندەی خۆمانم دەکرد.

**رامان:** تۆ دەتتوانی لەو گوندانەی تێیاندا مامۆستا بوویت هەندێک داستان و فۆلکلۆر و ئەفسانە و دەستنووسی کۆن کۆبکەیتەوە، هیچ نەبێ قوتابییەکانت بۆ ئەو مەبەستە هان بدەیت.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** هەمیشە شیعری لاتینیم بە قوتابییەکانم دەگوت.

**رامان:** مەبەستم کەلەپووری باب و باپیرانمانە کە زۆری لێ فەوتا، بە تایبەتی لەپاش ئەوەی گوندەکانمان ڕووخان.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** دەزانی چیم دەکرد؟ بۆ قوتابییەکان تابلۆیەکم ئامادە کردبوو، هەموو سبەینان سێ- چوار دێڕە شیعرم لەسەر دەنووسی، بە قوتابییەکانم دەوت لەبەری بکەن.

**رامان:** کە ئینسان لە لادێ مامۆستا بێ، قوتابییەکان گوێڕایەڵی دەبن، خەڵکی گوندەکە بە گوێی دەکەن، بۆیە دەتوانێ لەوێ هەر هیچ نەبێ، کەلەپووری میللەتەکەی و ئەفسانە و داستان و حەکایەتی گوێ ئاگردان کۆ بکاتەوە، ئەگەر خۆشی نەیکات، دەکرێ قوتابییەکان ڕابسپێرێ و هانیان بدرێ.. تۆ کاری وات کردووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** قسەکەت لە جێی خۆیەتی.. ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوێ وایە، ئێواران و سبەینان ئەو دێت و ئەو دەڕوا، من لەوێ شانۆگەریم دانا.

**رامان:** ئێ باشە باسی ئەوەم بۆ بکە؟ ناوی شانۆگەرییەکە چ بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ناوی شانۆگەرییەکەم لەبیر نەماوە، بەڵام گرنگی خوێندنی پیشان دەدا، پیاوێکی نەخوێندەوار کە دەهات چرایەکی دادەگیرساند، دوایی لە دەرەوەی کتێبەکانی خۆیان، شیعری شاعیرەکانم پێ لەبەر دەکردن، هەرچی شیعری حاجی قادری کۆیی، مەلای گەورە، دڵدار هەیە، هەموویم پێ لەبەر دەکردن.

**رامان:** کۆیە شارێکی زیندووە، بە تایبەتی لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیری و هونەرییەوە، ئەم جموجووڵە ڕۆشنبیری و هونەرییەی کە لە شاری کۆیە هەبووە، چەند کاریگەریی لەسەر ژیان و نووسینی تۆدا هەبووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** من زۆر زوو لە کۆیە ڕۆیشتم، لەسەردەمی خۆم کە ساڵی ١٩٤٧ لە قوتابخانە وازم هێنا، لەو ساڵەدا یەکەم قوتابی بووم لە کۆیە لە ناوەندی دەستم لە خوێندن هەڵگرت، دواییش کە دامەزرام دوو ساڵ لە کۆیە مامەوە، ئەوە وای لێ کردم نەتوانم لە کۆیە بمێنمەوە، تەنیا جاروبار بە سەردان دەچوومەوە کۆیە، هەر ئەوەش وای کرد نەپەرژێمە سەر ئەوەی لە پێوەندییەکانمدا بەردەوام بم، بۆیە ژیان و مانەوەم لە کۆیە زۆر کەم بوو.

**رامان:** تۆ بەهۆی سیاسەتەوە چوویتە ناو دنیای نووسینەوە، یان بۆ خۆشەویستی نووسین و زمانی کوردی کەوتیتە نووسین؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئارەزوویەکی تایبەتی خۆم بوو کە حەزم لێ دەکرد، هاندەرەکەی سیاسەت نەبوو، شیعرەکانی مەلای گەورە و حاجی قادری کۆیی و دڵدار و ئەوانە بوو کە کاریگەرییان لەسەرم زۆر بوو، من کە بەرەو نووسین هاتم هاندەرەکەی تەنیا ئەوە بوو خۆم بە قەرزاری شاری کۆیە دەزانی.

**رامان:** ئەی لە شاری کۆیە کە شارێکە هۆشیاری سیاسیی هەیە، زۆر لەو ڕێکخراوە سیاسییانەی وەک دارکەر و زەردەشت و هیوا ڕەنگە لەو شارەدا وەک خەتێک، یان لقێک هەبووبن و کەسانێک بەڕێوەیان بردبن؟ ئاگات لەو جموجووڵانە هەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** من قوتابییەکی سەرەتایی بووم کە مامۆستا کەریم ئەحمەد داوود ساڵانی ١٩٤٦ هات بۆ لامان، ئەوکاتە من مێردمنداڵ و هەرزەکار بووم، ئەو دارکەر و زەردەشت و ئەوانە سەردەمی من نەبوون، بەڵام کەریم ئەحمەد کە هات لە دەشتێ نەورۆز کرا، کەریم ئەحمەد ئێمەی برد و لە دەشتێ سەرپەرشتیمانی کرد، ئێمەش ئاگرەکەمان کردەوە.

**رامان:** دواتر تۆ نەبوویتە پارتی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەخێر کە وازم لە شیوعییەت هێنا، مەشاعیرم زیاتر بەرەو لای کوردایەتییەکە دەڕۆیشت.

**رامان:** ئەو سەردەمە هەر پارتی و شیوعی هەبوون، کە گەڕایتەوە لای کوردایەتییەکە پێت وانەبوو پارتی کوردایەتی بکات؟

**عـەبدولخـالق عـەلائەددین:** من کـە وازم لە حزبایەتی هێنا، ئیتر دەمویست بەهۆی دنیای نووسین کوردایەتی بکەم، ئێستاشی لەگەڵدابێ من ڕەخنەم لە حزبی شیووعی هەیە.

**ڕامـان:** بۆ نا ئەگـەر ڕەخنەی قـووڵ و بنیـادنەرانەت هەبێ.

**عـەبدولخـالق عـەلائەددین:** هەڵوێستەکـانی ئەو حزبە دوای ئەو هەمـوو قـوربانیـدان و خوێن و کارەساتە و لە ئەنجامی بۆچوونی هەڵە و نەخوێندنەوەی ڕاستودروستی سـەرکـردایەتی حـزبی شـیـوعی بۆ ڕووداوەکـان و ئەو کارەسـاتانەی بەسـەر حـزبدا هاتن تووشی مـاڵوێرانی و هەڵدێری کرد.

**ڕامان:** بێجگە لەو ناوانەی باسمان کردن، یادەوەریت لەگەڵ نووسەر و ڕووناکبیرەکانی شاری کۆیە چییە؟ هەندێکمان لێ باس کردن، کەسی دیکە لە خەیاڵتدا ماون تۆ پێوەندیت لەگەڵیان هەبووبێ، مەرج نییە لە کۆیەش بووبن، لەوانەیە لە هەولێر بووبن؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** عەلی فەتاح دزەیی یەک لەو کەسانە بوو کە زۆر نێوانمان خۆش بوو.

**ڕامان:** لە چ قۆناغێکدا بوونەتە هاوڕێ؟

**عـەبدولخـالق عـەلائەددین:** لە قـۆناغی قـوتابێتـیـدا هەردووکـمـان چەپ بووین، ئەوە وای کــرد لە دانیشتنەکانماندا پێوەندییەک دروست ببێ.

**ڕامان:** بەڵام من کە بەرهەمەکانی عەلی فەتاح دزەییم خوێندووەتەوە، وەرگێڕە و چیرۆکەکانی مۆپاسانی کردووە بە کوردی، لێتوێژەرە و لێکۆڵینەوەی لە بارەی مەم و زینی خانی-یەوە نووسیوە، لەولایشەوە وەک شاعیرێکی نوێخوازی کورد، یەکێکە لەوانەی مەیلی نوێخوازی هەبووە و کاری بۆ کردووە، خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی سەردەمانە بووە، یەکێکە لە ڕەمزە گرنگەکانی ڕۆشنبیریی شاری هەولێر کە دەبێ لەسەری ڕابوەستین.. تۆ لە بارەی ئەزموون و ڕۆشنبیرییەکەی چ دەڵێیت؟

**عـەبدولخـالق عـەلائەددین:** من لەنزیکەوە دەمناسی، گەلێک لە وتارەکانیم دیوە، پێوەندیشمان خۆش بوو، عومەر دزەیی کتێبێکی داناوە و ئەو نامانەی عەلی فەتاح بۆی نووسیوە باسی دەکات، ئەو سەردەمە گۆرانیبێژ بە چاوێکی نزم سەیر دەکرا، ئەو وەختە عەلی فەتاح دزەیی هاندەری بووە و کتێبەکەشی پێشکەش کردووە، بەو دواییە یەک دوو وتاری دیکەشی لەبارەوە نووسرا، بەداخەوە من دواجار لە پڕ بینیم، لە هەولێریش دوورکەوتەوە، کۆچی دوایی کتوپڕی زەرەرێکی گەورە بوو، خزمەکانی دیکەی زۆرتر پێوەندییان بە سیاسەتەوە هەیە کە تا ئێستاش زۆریان دەبینم، یەکێک لەوانە عومەر دزەیی کە هاوڕێی قوتابێتی بووین، تا ئەمڕۆش پێوەندیمان بەردەوامە، نووسەرەکانی دیکەش زۆربەیان پێوەندی باشمان لەگەڵ یەکتری هەبووە.

**ڕامان:** بەشداربوونت لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان چۆن بووە؟ تۆ لە کۆنگرەی شەقڵاوەدا بەشدار بوویت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەوکاتەی بە تەمابووم بچمە کۆنگرەی شەقڵاوە، ئەو کاتە بوو بەنیاز بووم بۆ خوێندن بە بۆرسە بچمە دەرێ، چاوپێکەوتنمان هەبوو، دەبوایە پاڵپشتیم پێ بێ تا بچمە بولگاریا بۆ خوێندن، کەریم شارەزا و ئەوانی دی چوونە شەقڵاوە، دەنا منیش لەناو بانگهێشت کراوەکاندا بووم، کۆنگرەی شەقڵاوەم لەکیس چوو، ئەوی دیشمان بۆ نەبوو، چونکە پاڵپشتێکی زۆر گەورەی دەویست، بەڵام لە سەرەتاوە لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایان بوومە ئەندام، دوایی لە کۆنگرەی یەکەم و هەموو کۆنگرەکانی دیکەشی بەشدار بووم و دەچوومە بەغدا، تا ئەو دواییانەش لە بەغدا بەشداری



کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەران بووم، کە مام هەژار بووە سەرۆکی یەکێتیی نووسەران، بەردەوام بووم تا گیرام و بۆ باشوور دوورخرامەوە، ئەوکاتانە کۆڕ و سیمینارمان دەگرت.

**رامان:** ئەی لە هیچ فیستیڤاڵێکی جیهانیدا بەشداریت نەکردووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بۆ فیستیڤاڵی جیهانیی لاوان چووین، لە کۆیە منیان هەڵبژارد تا بەشداریی فیستیڤاڵی لاوانی جیهان بکەم، ئەوەبوو من چووم و بەشداریم کرد.

**رامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ساڵی ١٩٦٨ لە سۆفیای پایتەختی بولگاریا بوو، لەو فیستیڤاڵەدا بەشدار بووین، ئەمە جاری دووەمی فیستیڤاڵەکە بوو، جاری یەکەم لە ڤییەننا ساڵی ١٩٤٨- ١٩٤٩ بوو، کە تێیدا بەشداربووم.

**رامان:** هەر ئەو دوو فیستیڤاڵە بوون، هیچی دی و لە هیچ شوێنێکی دیکە بەشدار نەبوویت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** هەر ئەو دوو فیستیڤاڵەش کران، بیلال بەهائەددین ناوەکەی ڕەش کرابووەوە. تەنانەت جارێکیان کوڕی مەهداویمان لەگەڵ بوو.

**رامان:** کوڕی مەهداوی ناوی چ بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نازانم.. وەفدی عیراق نزیکەی شەش سەد کەس دەبوون، کوردێکی زۆر هاتبوون، یەک لەوانە جەمیل کوڕی عەبدولڕەحمان شێخ شەرەف، جەمیل ئەندازیار بوو وەک وەفدی کەرکووک هاتبوو، دوایی مەلا خدرمان لەگەڵ بوو کە وەک وەفدی قەلادزێ هاتبوو، وەفدی هەڵەبجە و ئەمانە هەموویان هاتبوون، سلێمانییەکان لە هەمووان ژمارەیان زیاتر بوو، شەماڵ سائیب و حەمە ساڵح دیلان هاتبوون، شەماڵ سائیب گۆرانی هەرێ لەیلێی گوت، هەموو خەڵکی خستە هەڵەکە سەما، هەمووشمان جلی کوردیمان لەبەر کردبوو.

**رامان:** تۆ بە چ سیفەتێک و بە نوێنەرایەتی کێ دەستنیشان کرایت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ساڵی ١٩٦٨ لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهان کە ساڵانە لە هەموو جیهان ساز دەکرا من بەشدار بووم و چوومە سۆفیای پایتەختی بولگاریا، ئەوکاتە بەرپرسی لاوان بووم و لەلایەن لاوانی شیوعی کۆیەوە هەڵبژێرام و لەسەر وەفدی هەولێر چووین، خۆم و هاوژینەکەم جلوبەرگی کوردیمان لەبەر کردبوو، لە چێشتخانە دانیشتبووین جەواهیری شاعیر هاتە لامان.

**رامان:** ئەوانەی هاتبوون هەموویان چەپ و شیوعی بوون؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بێ لایەن و شیوعی هاتبوون.

**رامان:** ئەی لە کۆنگرەکانی یەکێتیی نووسەراندا بەشدار بوویت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە هەموو کۆنگرەکانیدا بەشدار بووم.

**رامان:** تۆ بە درێژایی ئەو ماوەیەی یەکێتیی نووسەران دروست بووە، لە ساڵانی حەفتا بەدواوە، دەور و کاریگەریی یەکێتیی نووسەرانت پێ چۆنە؟ ئایا توانیویەتی دەوری خۆی بە باشی ببینێ؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بە گوێرەی قۆناغەکانی پێیدا تێپەڕیوە، دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ کورد، ئەمەمان بۆ خانەنشینی، یان بۆ زەوی وەرگرتن نەبووە، لە کۆنگرەیەکدا لە بەغدا کە ساڵح یووسفیشی تێدا ئامادە بوو، ئەو کۆنگرەیەی یەکێتیی نووسەران بوو کە منیان تێدا کردە ژمێریار، ئێمە چووین دووبارە یەکێتیی نووسەران زیندوو بکەینەوە، کە چووینە ئەوێ بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی ڕۆشنبیریی عیراق، جەواهیری، عەبدولوەهاب بەیاتی لەوێ بوون، لە یانەی لوئلوئە دەعوەتیان کردین و ئێمەیان لە ژوورێکی تایبەتی دانا کە جواهیریش لەوێ بوو، لەو دانیشتنەدا ساڵح یووسفی و عەبدولوەهاب بەیاتی و بەڕێوەبەرە گشتییەکە لەوێ بوون، بە جەواهیرم وت پێشتر ئێمە یەکترمان ناسیوە، دیار بوو لەبیری نەمابوو، منیش بەبیرم هێنایەوە کە لە چێشتخانەکەی سۆفیا من و هاوسەرەکەم بەجلی کوردی دانیشتبووین و ئەو هاتە لامان و پێی وتین من شانازی بە گەلی کوردەوە دەکەم، بە دەلیلی ئەوەی کڵاوەکەم کە دەستکردی کوردە لەسەرم کردەوە، منیش سوپاسم کرد و شیعرەکەی حاجی قادرم بۆ خوێندەوە:

**گەر گەل شێری لە بێشە نەما**

**گورگ و مام ڕێوی دێنە ڕەقس و سەما**

ئەوەم بۆ کردە عەرەبی، وتی من ناوی حاجی قادرم بیستووە، بەڵام بەداخەوە زمانی کوردی نازانم. هەر لەوێ باسی ئەوەشم بۆ کرد کە چۆن بەعسییەکان وەک کۆمەڵێ

مشـەخۆر هاتوون حوکم دەکەن، جەواهیـری پێی وتم من لێـرە هەمـوو شـتـێکم هەیە، بەڵام دووری لە وڵات زۆر ناخۆشە، هەر ئەوکاتە لە مـیـسر وەک کـەسایەتیـیـەکی گـەورەی ئەدەبی و شـاعـیـرێک دەعـوەت کـرابوو، وتی خـانووی باشـیـان داومـەتێ و ڕیعـایەتی باشم دەکـەن، چونکە فیستیڤاڵەکە لە ڕووسیا و لە چیکۆسلۆفاکیا و هەموو وڵاتانەوە بۆی هاتبوون، ئیدی منی بەبیر هاتەوە.

**ڕامان:** تۆ باسی دەوری یەکێتیی نووسەرانمان بۆ بکە، ئێـستـا دەوری یەکـێـتـیی نووسـەران چۆنە؟ یەکـێـتـیی نووسەران بۆچی دامەزراوە؟ بۆ ئەوە دامەزراوە کە هەموو نووسەران لە ڕێکخـراوێـکی مـەدەنیـدا کـۆ بکرێنەوە کـە بەڕاستی سەربەخۆ و مەدەنی بێ، یان بۆ ئەوەی داکۆکی لە ئازادیی بیـروڕای نووسـەرەکـان بکات و ئەگـەر لە دەسـتی هات کـتـێـبـیـان بۆ چاپ بکات، ئەوە ئیـشی یەکێتیی نووسەرانە ڕووبەڕووی ئەو شاڵاوە ببێتەوە کە لە هەر چەرخ و ڕۆژگارێکدا دژی نووسەران بکرێ، یەکێتیی نووسەران دەزگایەکی حکوومی نییە تا خەڵک خانەنشین بکات و زەوی بداتە نووسـەران.. بە هەرحـاڵ تۆ هەر زمانی عەرەبی دەزانیت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** عـەرەبی و کـوردی و کـەمێ ئینگلیزی دەزانم کە قسەی پێ دەکەم.

**ڕامان:** ئینگلیزییەکەت بۆ حیساب ناکەین، چونکە نە تەرجەمەت پێ کردووە، نە هیچت دیارە.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئاخر نەگەیشتـوومـەتە ئەو ئاستە.

**ڕامان:** جـارێ بۆتی نانووسین، باشـە تۆ بۆچی بە تایبـەتی ئەو کـتـێـبـەی (مـیـر بەسری)ت هەڵبـژارد و لە عەرەبییەوە تەرجەمەت کرد؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ڕاسـتـیـیـەکـەی کـتـێـبی (ناودارانی کـورد)م نەدیتـبـوو، دانەیەک لەو کـتـێـبـە بۆ دکـتـۆر فـوئاد هاتبـوو، ئەویش بە منی وت بۆ وەری ناگێڕیت؟

**ڕامان:** مەبەستت کام دکتۆر فوئادە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** دکتۆر فوئاد مەعسووم وتی ئەوە بە درێژی باسی زەمـانی بابان و شێخ مـەحـموود و بارزانییەکان و...تاد تێدا نووسراوە، بۆ وەری ناگێڕیت؟ منیش کـە چوومـە لەندەن چوومـە لای ئەو (مـیـر بەسری)یەی کتێبەکەی داناوە. بە تەواوی مێژووی ژیانی خۆشی بۆ نووسیم، بڕیارم دا ئەو کتێبە بکەمە کوردی، لە لەندەن دوو سـاڵ پێـوەی خـەریک بووم، دواجـار لە سلێمانی لە دەزگای سەردەم چاپم کردەوە.

**ڕامان:** تۆ لەبەرچی ئەو کتێبەت هەڵبژارد، هەر لەبەر ئەوەی بۆیان پێشنیار کردیت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لەبەر ئەوەی زانیـاری مێـژوویی تێدا بوو، بابەتەکـانی شایستـەی ئەوە بوون وەریان بگێـڕم و نەوەی ئەمـڕۆش سـوود لەو زانیـاریانە وەربگرن.

**ڕامان:** وا دیارە ئەو میر بەسری-یە کورد نییە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کـورد نیـیـە، لە بەغـدا سەرۆکی ڕەوەندی مووسەوییەکان بووە.

**ڕامان:** کـەواتە دۆسـتـی کـورد بووە، بۆیە ئەو زانیاریانەی لە بارەی کوردەوە کۆکردووەتەوە و نووسیوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ.. کە قسـەی دەکرد باسی تۆفیق وەهبی و نووری سـەعید و بەعـسییـەکانی دەکرد، ئەو کەسێکی ڕۆشنبیر بوو، فەڕەنسی و ئینگلیزی دەزانی.

**ڕامان:** ئەو بە ڕەچەڵەک جـوولەکـەیە، ئەی بۆ ببـووە بەعسی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەببـووە بەعـسی، تەنانەت ئەو کـاتەی جـوولەکـەکـانیـان بە زۆر گـرت و ڕەوانـەیان کـردنەوە. گێـڕایەوە وتی چوومـە لای خـەیرولڵا تەڵفـاحی خاڵی سەدام حوسێن و پێم وت بۆ جوولەکەکـانتـان بەند کـردووە؟ وتی دوای ئەو چوونەم وەجـبـەیەکـیـان لە جوولەکەکانیان بەردا، دواتر بینیمـان دۆخەکە خراپتـر بووە، بۆیە بڕیارمـان دا بەغـدا بەجێ بهـێـڵین، تا دوارۆژەکانی تۆفیق وەهبی، لەپشت سەری بووە، هەروەها لەگەڵ سەعید قەزاز زۆر برادەر بوون، لەو پێشەکییەشدا بە وتەیەکی زۆر هەست بزوێن باسی کـردووە، هەروەها دەڵێ کەم نەتەوە هەیە لەم جیهانەدا دەوڵەتی نەبووبێ و لە ملمـلانێ و خـەباتێکی بەردەوام دابێ وەک مـیللەتی کورد، ئینجا کوردییشی بە باشی دەزانی، ئەوە هەموویم نووسیوە، کاتێک کتێبەکەم بۆ بردەوە و چوومە لای، وتم ئەوە مێژووی ئێمەیە، ئەوە ئەرکی سەرشانی ئێمە بوو، دەبوو ئێمـە ئەم کـارە بکەین، بەڵام وابزانم خـانمیـشت دەوری هەبووە.

**ڕامان:** بۆ خێزانەکەی کورد بوو تا دەوری هەبووبێ؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەخێر جوولەکە بوو، بەڵام وتی بێ گومان ئەگەر ئەو نەبێ، چۆن دەتوانم من ئەو کارە

بکەم، دواجار کە بۆم بردەوە ڕاست بووەوە و هەستایە سەرپێ و وتی شتێکی زۆر نایابت کردووە، ئینجا دوو پرسیاری لێ کردم، وتی عەلی کەمال کەنگێ ئەمری خودای کرد؟ بابەعەلی شێخ مەحموود کەی مرد؟ منیش پێم وت دەڵێی دەتەوێ زیاترمان لە بارەوە بنووسیت و دەست پێ بکەیتەوە؟ ئەوکاتە تەمەنی نەوەد و سێ ساڵ بوو، ئەو کابرایە زۆر پیر بوو، بەڵام بەبێ چاویلکە دەیخوێندەوە.

**ڕامان:** ئەی لە لەندەن ئەو ئەدیب و نووسەرانەی وەک تۆفیق وەهبی و کێ و کێ کە لەوێ بوون، هیچیانت نەدەبینی؟ دۆستایەتی و ئاشنایەتیت لەگەڵیان نەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** من ئەو کاتە لەوێ نەبووم، زەمانی تۆفیق وەهبی لەوێ نەبووم.

**ڕامان:** ئەی نووسەر و ئەدیبی دیکە کە لە لەندەن بوون، هیچ یەکێک لەوانەت نەناسی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە نووسەران و ئەدیبان د. نووری تاڵەبانی و ئەنوەر سوڵتانی و محەمەد ڕەسووڵ هاوار و د. مەحموود عوسمان لەوێ بوون، بە د. مەحموود عوسمان و د. نووری تاڵەبانیم وت کە دەستی نووسینی هەبوو با دەستەیەک دامەزرێنین و ڕۆژنامەیەک دەربکەین، یان ئێوە دەستەی کارگێڕی بن و من ڕۆژنامەکە هەڵدەسووڕێنم، لە کاتێکدا ڕەزامەندییان نیشان دا، بەڵام د. مەحموود عوسمان گەڕایەوە کوردستان و د. نووری تاڵەبانیش چووە سعودیە، ئیتر بە تەنیا توانیم دوو ژمارە بەناوی (ئاسۆ) دەربکەم، لەپاڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەیەکیشمان بەناوی (پەنابەری کورد) لە بنکەی ڕۆشنبیری دەرکرد، کە من لە نووسەر و سەرپەرشتیارەکانی بووم.

**ڕامان:** تیراژەکەیان چەند بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە هەر ژمارەیەک سەد دانەمان چاپ دەکرد، تەنانەت دوو سێ دانەیەکم لێ ناردنەوە کوردستان.

**ڕامان:** ئەی بۆچی ڕاوەستان و دواتر دەرنەچوون؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەو کەسەی ئیشی کۆمپیووتەرەکەی بۆ دەکردین، خۆی کەسێکی خۆبەخش بوو، دوای ئەو زۆر پێیان قورس بوو بێن بۆمانی تایپ بکەن و ئەرکەکەیان پێ جێبەجێ نەدەبوو، بەنیاز بووین بابەت کۆ بکەینەوە، تەنانەت من وتارێکم لە بارەی دڵدارەوە نووسی، ئیتر د. مەحموود عوسمان و دکتۆر نووری تاڵەبانی گەڕانەوە کوردستان، کوڕێکی دیکەیشمان لەگەڵدا بوو ئەویش بەلایەکی دیکەدا ڕۆیشت، من بە تەنیا مامەوە، ئەوە بێجگە لەوەی کۆمپیووتەر یارمەتیدەر نەبوو.

**ڕامان:** ئەی بۆ لە گۆڤاری هەولێر بابەتت نەنووسیوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** گۆڤاری هەولێری ساڵی چەند؟

**ڕامان:** لە حەفتاکان کە محەمەد مەولوود مەم لە هەولێر دەری دەکرد.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە حەفتاکان کەوتمە باشووری عیراق، پاشان هاتمەوە مەسیف سەلاحەددین.

**ڕامان:** ئەوە ئەوکاتەیە کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، ئەوکاتەش دنیا شامی شەریف بوو..

**عەبدولخالق عەلائەددین:** من کە لە باشوور هاتمەوە، خەریکی کتێبی دڵدار بووم، زۆر کاتم نەبوو بچم خەریکی وتار نووسین بم.

**ڕامان:** بە هەرحاڵ.. ئەوەی تۆ باسی دەکەیت ساڵی ١٩٧٤ـە کە شەڕ هەڵگیرسایەوە.. ئەی تۆ دەڵێی خەریکی یاداشتەکانی خۆت دەنووسیتەوە، ئەگەر دەستت پێکردووە، چەندی ماوە تەواوی بکەیت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** دەستم پێکردووە و جارێ زۆری ماوە، لەبەر ئەو کتێبانەی چاپیان دەکەم نەمتوانی تەواوی بکەم، بەڵام سەرەقەڵەمێکی زۆرم لێ نووسیوە. زۆربەی شتەکانم لەبەرچاوە، بەڵام جارێ خۆم بۆی تەرخان نەکردووە.

**ڕامان:** ئەم کارە لە هەموو نووسینەکانی دیکەت گرنگترە، کەچی تۆ بە چەند سەرەقەڵەمێک دەستت لێ هەڵگرتووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** جارێ ماوە تا کۆتایی پێ دەهێنم.

**ڕامان:** تا زووە تەواوی بکەیت باشە، چونکە یادەوەریت لاواز دەبێ، وا ئێستا یادەوەریت لاواز بووە، تەمەنیش حوکمی خۆی هەیە، کە یادەوەریت کاڵ بووەوە، ئەو ڕووداوانەت لە بیر نامێنێ، بۆیە بە زووترین کات خەریکی نووسینەوەیان بەو خۆت بۆ ئەو ئیشە تەرخان بکە.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەو کتێبەی دوایی زۆر سەرقاڵی کردووم، خۆشت دەزانی تەمەنەکەش کارێکی

کردووه ئەو تین و توانایییەم نەماوە، زوو ماندوو دەبم.

**رامان:** خۆت دەڵێی من خوێنەری رامان-م، باری سەرنج و تێبینیت لەبارەی گۆڤاری رامانەوە چییە و رامان چۆن دەبینی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەراستی توانیوتانە خزمەتێکی گەورەی کەسانێک بکەن، کە فەرامۆش کراون، ئینجا چ لێرە بن، یان لەجێیی دیکە. ئاگام لێیە گەلێک نووسین و وتاری باش بلاو دەکەنەوە. ئەم گۆڤارە توانیویەتی لای هەمووان جێگای خۆی بکاتەوە، چونکە هی یەک چین و توێژ نییە، هیوادارم بە بوونی تۆش ئەو خزمەتە زیاتر بەردەوام بێ، بە تایبەتی خزمەتی ئەوانە بکرێ کە شایستەی ئەوەن لە بارەیانەوە بنووسرێ و بەسەر بکرێنەوە، ئینجا ئەدیب بن، یان شاعیر، گەلێک کەس هەن بێ نازن و فەرامۆش کراون. گەشبینم و بەگەشبینی تەماشای گۆڤاری رامان دەکەم، هیوادارم رامان بەرەو لووتکە بڕوات، سەرپەرشتیی تۆ کاریگەریی زۆرە لەسەر رامان، تۆ زیاتر دەتوانیت ئەو ئەرکە رەچاو بکەیت.

**رامان:** وەک نووسەرێک کە لە ساڵی ١٩٩٨ەوە لە لەندەن گیرساویتەوە، ئەو ساڵانەی ئەوێت چەند سوودی بە تۆ گەیاندووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئێمە لە چوار دیوارێکی تەسکدا دەژیاین، لەپڕ چووینە دنیایەکی کراوەوە، لەگەڵ رۆشنبیرە کوردە ئاوارەکان دەرفەتی گەورەمان بۆ رەخسا، چونکە دەرگایەکی گەورەی بۆمان کردەوە و دەرفەتی بەرفراوانی نوێی بۆ رەخساندین. ئەو سیستمەی ئەوێ دنیایەکی دیکەی پێ ناساندم، دوایی ئەو دەرفەتەی دامێ رۆژنامەیەک دەربچوێنم، یەکێتیی نووسەرانیش...

**رامان:** دەبێ نەمانزانیبێ لەوێ یەکێتیی نووسەران هەبووبێ؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەخێر، بە شێوەی یەکێتیی نووسەران نا، بەڵام (kcc) هەبوو، یانەیەکیان بەناوی نەورۆز کردەوە، من لەوێ دەستەی کارگێڕیی بووم.

**رامان:** ئەوەی تۆ باسی دەکەیت کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی بوو، ئەندامەکانی خەریکی سیاسەت و ململانێی حزبیی توند بوون.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵام ببووە مەڵبەندێک بۆ ئەوەی کوردە ئاوارەکان جێ و رێیەکیان هەبێ و هەموویان لە جێگەیەکدا کۆ ببنەوە، بۆیە کوردێکی زۆر دەهاتنە ئەوێ و کۆڕ و سیمیناری ئەدەبیمان دەگرت، رۆشنبیرانمان بانگهێشت دەکرد. جارێک د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ هاتە ئەوێ، کە ئێمە لەوێ بووین زۆرکەسی دی دەهاتن و لەو بنکەیەدا بە وتار و قسە و دانیشتن، کۆڕ و مەجلیسەکانیان گەرم دەکرد، ئەوە بووە هۆی ئەوەی دەرفەتێک بۆ ئەدیبان و پیاوانی سیاسەت بڕەخسێ بێنە ئەوێ.

**رامان:** ئەی بەدوای سەرچاوەی جۆراوجۆر نەگەڕاویت سەبارەت بە کورد نووسرابێ؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەو کتێبخانەیەی من سەردانم کرد بە ملیۆنان کتێبی تێدابوو، کە دەڵێن لە بریتانیادا لە کتێب زیاتر هیچ شتێک نییە، من کە چوومە کتێبخانەکە وتیان دەتەوێ بچیتە چ بەشێک، ئەمریکای باشوور، ئەورووپا، وتم لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کتێبم دەوێ. وتیان چ زمانێک دەزانی؟ وتم زمانی عەرەبیم باشە. وتیان ئێستا پیاوێکت بۆ دێنین بە عەرەبی قسەت لەگەڵ بکات، ئەوەبوو چوون کابرایەکی باڵا بەرزی کەتەیان هێنا، پێی وتم (ماذا تريد أيها الأخ؟). وتم: (أريد معلومات حول الشرق الأوسط، أو بالاحرى عن شمال العراق، وبالأخص عن مدينة كويسنجق). وتی (طيب لأذهب الى الجامع وأصلي ثم أعود اليك)، ئیتر کابرا ڕۆیشت، منیش ناچار ڕۆیشتم، چونکە مزگەوت گەلێ لە ناوچەکە دوور بوو و کاتێکی زۆریشی پێویست بوو بگەڕێتەوە.

**رامان:** نەدەبوو پێی بڵێی شمال العراق.. تۆ توانیت بە تەواوی قسەی دڵی خۆت بکەی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەوەی گونجاو بووبێ وتوومە، خۆت دەزانی لە هەشتا ساڵی تەمەندا گەلێک قسە هەن، بەڵام ناکرێ هەموو شتێک بڵێین، ئەوەی تۆ بۆت کردم زیاتر لە پێویست بوو، دووبارە سوپاسی ئەرکی تۆ دەکەم.

**رامان:** زۆر سوپاس بۆ تۆش.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** سوپاس بۆ ئەو چاوپێکەوتنە، منیش ئەو کارە زۆر بە هەند وەردەگرم و جێی شانازیشە کە توانیم وا بە ڕاشکاوی قسە بکەم و ئەو چەند وتەیە بۆ نەوەی داهاتوو بەجێ بهێڵم، زۆرم لە وەخت و کاتی تۆ گرت.